

# تویژینەوەکان سەلماندوویانە خانمان لەیەک کاتدا توانای ئەنجامدانی کۆمەڵێ ئەرکیان بەیەکەوە هەیە

توانای ئافرەت لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرك بەیەكەوە و لەیەك كاتدا لە رووی زانستییەوە راستییەكی سەلمێندراوە، بەپێی توێژینەوەیەكی رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی دەركەوتووە مێشكی پیاوان بۆ ئەوەی هزر و هۆشی لە كارێكەوە بچێتە سەر كارێكی دیكە بەراورد بە ئافرەتان پێویستی بە ماوەیەكی درێژتر و توانایەكی زیاتر هەیە، واتە دەتوانین بڵێین هێزی هزر و مێشكی ئافرەتان لەو بوارەدا خێراترە، ئەو توێژینەوەیە لەسەر ١٤٠ پیاو و ئافرەت تاقی كراوەتەوە، هەروەها توێژینەوەكان ئەوەیان سەلماندووە كە مرۆڤ لە یەك كاتدا دەتوانێ سێ ناوچە لە مێشكیدا بەكاربخات، بەڵام پیاوان پێویستیان بە كات و هێزی زیاتری مێشك دەبێت، هاوكات سەلمێندراوە ئافرەتان بەهۆی ئەزموونی كاركردنیان لە ماڵ و لە دەرەوە و راییكردنی كاروباری خێزانی هەمیشە پشتئەستوورن بە تواناكانی خۆیان و بڕوای تەواویان بە هێزی راپەڕاندنی ئەركەكانیان بەیەكەوە هەیە، هەر ئەوەش وایكردووە لە ئەنجامدانی كۆمەڵێك ئەرك بەیەكەوە سەركەوتوو بن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان رای خۆیان لەو بارەیەوە هەیە.

گوڵان: كۆمەڵایەتی

سەرەتا چالاکی مەدەنی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئیراد منوچر سان، باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەتان بە درێژای مێژوو چەقی کۆمەڵگە بوون و لە سەقامگیری و پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا رۆڵی سەرەکییان بووە.» نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «ئافرەتان لە جیهاندا ٤٣٪ی هێزی کار لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ پێکدەهێنن، کشتوکاڵیش لە کۆمەڵگەدا بە داینەمۆی بەرەوپێشچوون و کەمکردنەوەی هەژاری دادەنرێت. « هاوکات دەڵێت: «زۆرێك لە ژنان کە رۆڵی دایك دەبینن، کاریگەریی گەورەیان هەیە لە بڕیاردان بۆ کاروبار و پلانی ئیدارەی خێزان، بەتایبەتی لە پلانی پاراستنی پەروەردە و تەندروستیی منداڵ و خۆراك. لە لایەکی دیکەوە ژنان وەك پەروەردکار و مامۆستا لە پێگەیاندنی نەوەیەکی رۆشنبیر رۆڵی بەرچاو و کاریگەر دەبینن. « هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «بە هۆی گۆڕانکارییە خێراکانەوە لە سەرجەم کایەکانی ژیان، ژنان داواکارییەکانیان بۆ فەراهەمکردنی ژیانیکی شایستە و بەهادار پەرەی سەند، گرفتی قەیرانی هەلی کار بۆ ژنانیش بە هۆی ئەوە بووە کە زۆربەی خاوەنکارەکان پێدانی هەلی کار بۆ پیاون لە ئەولەوییەتی کارەکانیان بووە، چونکە پیاوان دەیانتوانی پرۆفیشناڵتر بن لە پیشەکەیاندا بەراورد بە ژنان، بەڵام تا ژنان بتوانن رکابەر بن لە هەڵبژاردنی پیشەکەیاندا، لە زۆربەی دۆخەکاندا قوربانیی زۆریان دا. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە ژن سەرچاوەی هەست و خۆشەویستییە و دەکرێت بنیادی ئاشتی لە سەردەستی بێتەدی، کە ئێستا مۆتەکەی ململانێ و جەنگ شوێنی گرتۆتەوە.»

ئارتیست و هونەرمەندی ناسراوی کورد حەمەڕەشید هەرەس، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کاتێك پێداویستییەکانی ژیان زیادی کرد، کارکردنی پیاو دەرەقەتی خەرجییەکانی خێزانی نەهات و لە تەك ئەوەشدا تەکنەلۆجیا کارێکی وای کرد، تاك زیاتر هەڵپە بکات بۆ ژیانکردن بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر، ژنی زیاتر کێش کرد بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بۆیە ئەنجامدانی کاری جۆربەجۆر لە یەك کاتدا، زیاتر ژنانی رۆژهەڵاتی دەگرێتەوە. ژن بۆیە لە یەك کاتدا توانای هەمە جۆر کاری هەیە، چونکە پیش ئەوەی لە ماڵ بێتە دەرەوە، سەرقاڵی کارکردنی ناوماڵ بووە، لە خواردن ئامادەکردن و کەلوپەل شتن و گرنگیدان بە پاکوتەمیزیی ماڵ و، منداڵ بەخێوکردن و دروومان و... هتد. پیاو بە گشتی یارمەتی نەداوە و، بە ئەرکی خۆی نەزانیوە، جا کە ئیشی ناوماڵ و خێزان هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەوە ئیشی ژن بوویێت و پیاو نزیکی ئەو ئیشانە نەکەوتبێت، ئیتر ئەو ئەرکانە تایبەت بووە بە ژن، جا کاتێك ژن وەك پیاو بەشداری لە پەیداکردنی بژێویدا کردووە، ئەرکی ماڵیشی هەر لە کۆڵ نەبۆتەوە. ناچار لە دەرەوە کاری کردووە و کارەکانی ناوماڵیشی کردووە، هەر بە پێی ئەوەی لەسەر پێی خۆی وەستاوە و، خاوەن دارایی خۆیشی بووە، پەلی بۆ جۆرەها کاری تریش هاوێشتووە. پیاویش وەك چۆن دەقی بەوەوە گرتووە هەر تەنیا کاری دەرەوە بکات، جا ئەگەر چایەك لێ بنێت، یان هێلکەوڕۆنێك دروست بکات، وەك منەت ئەیکاتە سەر ژنەکەی، وا دەزانێت کاری ئەوی کردووە و یارمەتی داوە. شوورەیی و دابەزینی کەسایەتیی پیاو بوو، ئەگەر لە ماڵەوە چێشتی لێ بنایە، یان جلی بشتایە. ئەگەر بیشیکردایە، ئەبوایە بە دزییەوە بیکات، بە ئێستاشەوە هەندێك هەر بەو شێوەیەی جاران بیردەکەنەوە و، توخنی ئیشی ناوماڵ ناکەون. جا ئیتر ژن ناچارە کاتێك لە کارکردنی دەرەوە دێتەوە ماڵێ، چێشت بۆ منداڵەکانی لێ بنێت، نەهێڵێت جلەکان چڵکن بێت و ماڵەکەی پۆخڵ بێت. زانستیش دەڵێت: ژن لە کارکردندا لە پیاو بە ئارامترە و توانای هەیە بە بێ هەڵچوون و سترێسەوە کارەکانی بکات، ئەمەش وا دەکات ماندووبوون کەم بکاتەوە، بەتایبەتی ماندووبوونی دەروونی و دەستبەری کاری زیاتر و گرانترە».

راگەیاندنکار کەتان خادمی رایوایە : «ژن لەنێوان (زەعیفە)بوون و توانا مەزنەکانیدا ماوەتەوە. «هاوکات دەڵێت: «وشەی (زەعیفە) سەرچاوەکەی لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە. هەرچەندە ژنی کورد بەهۆی کەشوهەواو بارودۆخی سیاسی و ئابوورییەوە ئەرکی زۆر قورس بووە. بەڵام زۆر کار تەنیا پیاوان توانیویانە بەڕێوەی ببەن. هەندێکیان لەبەر سایکۆلۆجیەتی جەستەی ژن بووە، هەندێکیشیان ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگە رێگر بوو. بۆیە کوڕ هەڵگری نازناوی ئاغا و شێخ و بنەماڵەکەی بووە، زوربەی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبردوون، لەدایکبوونی کوڕ واتای لەدایکبوونی هاوکارو پشتیوان و بەڕێوەبەری ماڵ بووە، یان توانای مەچەکی ژن بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی کەمتر بووە. هەرچەندە ئەم پێوەرانە هەمووی ناعەقڵین، چونکە منداڵبوون و دایکایەتی و پەروەردە و هەتا کاری قورسی وەك کشتوکاڵ و...هتد، لە ئەستۆی ژناندا بووە. لەو سەردەمی پێشکەوتن و زانست و خوێندەواری و بە ئەکادیمی بوون و مۆدێرنەدا کە هیچ جیاوازییەکی لەنێوان تواناکانی مرۆڤدا نەهێشتۆتەوە، ژنان لە ئێستادا لەزوربەی بوارەکاندا لە پێشکەوتن و سەرکەوتندان و بە کردەوە سەلماندوویانە کە زەعیف نین، بەڵکو بەهێزن، لایەنی زانستی ئەمەی سەلماندووە کە ئافرەت لە یەك کاتدا توانای ئەنجامدانی کۆمەڵێك کاری هەیە بەیەکەوە، ئینجا بەهێزی، هەر ئەوە نییە میللی تفەنك بهێنێتەوە، ژن خاوەنی بەهێزترین رۆح و دەروونە.»

**ئافرەتان لە جیهاندا ٤٣٪ی هێزی کار لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ پێکدەهێنن، کشتوکاڵیش لە کۆمەڵگەدا بە داینەمۆی بەرەوپێشچوون و کەمکردنەوەی هەژاری دادەنرێت**

**ژن بۆیە لە یەک کاتدا توانای هەمە جۆر کاری هەیە، چونکە پیش ئەوەی لە ماڵ بێتە دەرەوە، سەرقاڵی کارکردنی ناوماڵ بووە، لە خواردن ئامادەکردن و کەلوپەل شتن و گرنگیدان بە پاکوتەمیزیی ماڵ و، منداڵ بەخێوکردن**

**کاتێک ژن وەک کارکردن هاتۆتە دەرەوەی ماڵ و ئەویش وەک پیاو بەشداری لە پەیداکردنی بژێویدا کردووە، ئەرکی ماڵیشی هەر لە کۆڵ نەبۆتەوە**

**ژنی کورد بەهۆی کەشوهەواو بارودۆخی سیاسی و ئابوورییەوە ئەرکی زۆر قورس بووە.**

# ڕەنگدانەوەی پەروەردەی دایک لەسەر کەسایەتیی منداڵ



خێزان یەکەم وێستگەی پەروەردەکردنە و مامەڵەکردنی خێزانیش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت، بەتایبەتی دایکان کە ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییە قورسە دەکەوێتە ئەستۆیان، هەر بۆیە هەتا دایك وشیارتر و ئاگاتر بێت، زیاتر لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ڕۆڵی دایك لە پەروەردەکردنی منداڵدا تاوتوێ دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا کەسایەتی ئەکادیمی و چالاکی بواری مافی مرۆڤ د. سورەیا فەلاح، باسی ئەوە دەکات کە «دایك وەکو پەرستاری سەرەکیی منداڵەکەی زیاترین بەشداری لە ژیانی منداڵدا هەیە، ئەرکی دایکیش تەنیا تێرکردنی منداڵ و گەورەکردنی جەستەی نییە، بەڵکو پەروەردەکردنی عەقل و هۆشی منداڵەکەش ئەرکی سەرەکیی دایکە و هەر دایکیش لە دروستکردنی کەسایەتیی منداڵەکەیدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت. هەر بۆیە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ بە زانست و وشیاریی دایکەوە گرێ دراوە.» رۆڵی دایکیش لە پەروەردەی منداڵدا بەمجۆرە خاڵبەندی دەکات: «یەکەم: پەیوندی (attachment)، پەیوندیی نێوان دایك و منداڵ لە کاتی پێش لەدایکبوونی منداڵەکەیەوە دەست پێ دەکات. هەڵبەت زور لە پسپۆڕان لەو باوەڕەن کە پەیوندیی نێوان دایك و منداڵ پاش لەدایکبوونی منداڵەوە دەست پێ دەکات. بەڵام لە هەر دوو حاڵەتەکەیدا ئەگەر دایك نەتوانێت پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ منداڵەکەیدا دروست بکات، پەیوەندییەکی سارد و سڕیان دەبێت، ئەوەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەسایەتی و باری دەروونی منداڵەکە دروست دەکات. دووم: «هەستی متمانە بەخۆکردنە»، ئەگەر دایك رێزی منداڵی نەگرێت، یان توندوتیژ بێت لەگەڵی، یان لەبەر چاوی کەسوکاریدا سووکایەتی پێ بکات، ئەوا هەستی متمانە بەخۆکردن لە منداڵەکەدا زۆر لاواز دەبێت. سێیەم: هەستی متمانە بە دنیا (Trust)یە، کە هەستێکی زۆر گرینگە، لەبەر ئەوەی ئەگەر منداڵ ژیانێکی خۆشی هەبێت، جوانتر لە دنیا دەڕوانێت و باشتر هەستی پێ دەکات، بەڵام ئەگەر دایکێك کاتی باش بۆ پەروەردەی منداڵ تەرخان نەکات، یان ناشارەزا بێت، یان رووی خۆش بە منداڵی نەدات و بە جیهانی دەرەوەی ماڵ ئاشنای نەکات، ئەو منداڵە هەستی بە دونیا لاواز دەبێت. چوارم: فێرکردنی سەربەخۆییە کە خاڵی سەرەکییە بۆ گەشەی کەسایەتیی منداڵ و وادەکات بۆ زۆر شت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت، زۆریش پێویستە دایکان منداڵی خۆیان هان بدەن بۆ ئەوەی بەشێك لە کارەکانی خۆیان بکەن، وەك خاوێنکردنەوەی ژووری خۆیان، کۆکردنەوە و رێکخستنی کەلوپەلی یارییەکانیان، هەروەها پێویستە دەرفەتی ئەوە بە منداڵ بدەن کە پرسیار بکات و رای خۆی دەرببڕێت. پێنجەم: شادبوونە، دایکانی خەمۆك ناتوانن منداڵی شاد و بە وزە و بە توانا دروست بکەن، منداڵیش زۆر هەستیارە بە خەمەکانی دایکی خەمبار دەبێت و ئەو خەمبارییەش رێگری لە سەرکەوتنەکانی دەکات.»

مەحموود عەبدولکەریم باجەڵان، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە سلێمانی و سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە: «دایك قوتابخانەی یەکەمی پەروەردەی منداڵە و کاریگەریی رۆڵ و پێگەی دایك زۆر بەهێزە لە بنیادنانی کەسێتی و جۆری پێگەیاندنی منداڵدا، چونکە دایك بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە لە هەڵگرتنی منداڵ و دواتریش شیرپێدان و بەخێوکردن و ئەو هەست وسۆزە زۆرەی کە بەرامبەر بە منداڵ هەیەتی و ئەو ماوە زۆرەی کە منداڵ لەگەڵ دایکدا بەسەری دەبات، وای کردووە کاریگەری دایك زیاتر بێت، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە باوکان خۆیان ببوێرێنن لەو پرۆسە گەورەیەی پەروەردەکردنی منداڵ، هاوکاریکردن و دابەشکردنی رۆڵەکان لە پێگەیاندنی منداڵدا کارێکی پێویستە و لەیەك گەشتن و هاوکاریکردنی دایك لە ماڵەوە و لە دەرەوە بۆ بنیادنانی هەلومەرجێکی تەندروستی پەروەردەیی زۆر پێویستە، تا منداڵ تیایدا بە ئارامی و هاوسەنگی گەورە ببێت و بنیادی کەسێتی و تواناکانی بنێت، هەروەك لە توێژینەوەیەکی ئەمریکی دەرکەوتووە کە دوانزە هەزار دایك و باوك تیادا بەشدار بوون، دایکان بە رێژەیەکی زۆر زیاتر ماندوودەبن و تووشی گوشار و پەستانی دەروونی دەبن لە مانەوەیان لەگەڵ منداڵان و بەشێکی زۆری کاتەکانیان بە منداڵەوە سەرقاڵن، لە هەموو ساتەکاندا بە خۆش و ناخۆشیەوە، بەڵام باوکان تەنیا لەکاتی کات بەسەربردن و یاری لەگەڵ منداڵەکانیان دەبن، ئەمەش کارێکی ناهاوسەنگە و بۆیە دەبێت باوکان بەشێکی ئەو بەرپرسیارێتیەی پەروەردەی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بگرن.»

چالاکی مەدەنی شیلان ئاستەیی سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هەست بە بەرپرسیاریەتیی دایك بۆ منداڵ وا لە دایك دەکات، هەمیشە حەز دەکات منداڵ لە ژێر پەروەردەی خۆیدا پێی بگەیەنێت و پەروەردەی بکات، لێرەشدا دایك هەڵدەستێ بە ئەرکێکی پیرۆز، ئەویش پەروەردەکردنی منداڵەکەیەتی لەلایەن خۆیەوە تا تەمەنی هەستکردن و ژیری و پێگەیاندن، منداڵ لەژێر رەحمەت و سۆز و میهرەبانی و فێرکردن و پەروەردە و تەنانەت بە سزادانی سووك لە لایەن دایکەوە کەسایەتی و ئەخلاق دروست دەبێت، واتا، ئاخافتن و جۆری مامەڵەکردنی دایك (بە ئەرێنی و نەرێنی) لەگەڵ منداڵ راستەوخۆ کاریگەری لە سەر کەسێتی منداڵەکەی دەبێت. دەتوانین بڵێین منداڵ هەویرێکی نەشێلدراوە، چۆنت بوێ ئاوای دەشێلی، بۆیە پێویستە دایك پەروەردەیەکی ژیرانە و مرۆڤانەی هەبێ، تا منداڵەکەی ژێر و سەردەمیانە پێ بگات.» گوتیشی: «دایك بە گشتی و دایکی کورد بەتایبەتی هەر لە دێر زەمانەوە هەوڵێکی چڕوپڕیان داوە بو ئەوەی منداڵ بە جوانترین شێوە پەروەردەی بکەن. دایکانی ئەمڕو لە پەروەردەی منداڵ ئەرکێکی قورستریان هەیە، ئەویش بە هۆی ئەو تەکنەلۆژیایەی کە ئێستا زورێك لە منداڵان و لاوانی نەوجەوان پێوەی بەستراونەتەوە. کاری گرینگیش کە دایك پێویستە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی باش بۆ منداڵەکەی بیکات، متمانەپێکردن و چاودێرییە و هەمیشە دەبێت هەوڵی نزیکبوونەوە لە منداڵەکەی بدات، هەم وەکو دایك و هەم وەکو هاوڕێ. من وەکو دایکێك کە لە هەندەران دەژیم، ئەرکێکی قورسترم هەیە، ئەویش بە هۆی ئەو دابونەریتانەیە کە لەم وڵاتانە هەن. دین، کولتوور و دابونەریت و زمانیان جیاوازە لەگەڵ کوردستان، جا پەروەردەی منداڵ تەنیا خوێندن و بەخێوکردن نییە و چەندین خاڵی دی لە خۆی دەگرێت، لەوانە: چالاکیی منداڵ وەکو خولی راهێنانی وەرزشی، شێوەکاری، زمانەوانی و چەندان چالاکیی دیکە بۆ ئەوەی منداڵ لە منداڵبوونی چێژوەربگرێت و داهاتووشی گەش بێت.»

**دایك لە دروستکردنی کەسایەتیی منداڵەکەیدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت. هەر بۆیە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ بە زانست و وشیاریی دایکەوە گرێ دراوە**

**ئەگەر دایك رێزی منداڵی نەگرێت، یان توندوتیژ بێت لەگەڵی، یان لەبەر چاوی کەسوکاریدا سووکایەتی پێ بکات، ئەوا هەستی متمانە بەخۆکردن لە منداڵەکەدا زۆر لاواز دەبێت**

**پێویستە دایکان منداڵی خۆیان هان بدەن بۆ ئەوەی بەشێك لە کارەکانی خۆیان بکەن، وەك خاوێنکردنەوەی ژووری خۆیان، کۆکردنەوە و رێکخستنی کەلوپەلی یارییەکانیان**

**دایکانی خەمۆك ناتوانن منداڵی شاد و بە وزە و بە توانا دروست بکەن، منداڵیش زۆر هەستیارە بە خەمەکانی دایکی خەمبار دەبێت و ئەو خەمبارییەش رێگری لە سەرکەوتنەکانی دەکات**